# بیۆگرافیا
## خاڵی یەکتربڕینی خەیاڵ و حەقیقەت
## "ئەوەیە مرۆڤ"ی نیچە [i] وەك نموونە

(وریا بن، تف بەڕووی بادا مەکەن)

"نیچە"

عەبدولوتەلیب عەبدوڵڵا

"گۆتە"ی فەیلەسوف بەڕاستی بەشێکی زۆر لە حیکمەتی نواند کاتێك بیۆگرافیای (Biography_**السیرة الذاتیة**) خۆی بە ناونیشانی (شیعر و حەقیقەت) ناونا، حیکمەتەکە هەر تەنها پەیوەندی بە بەهای ژیانی کەسێتییەوە نییە. بەڵکو پەیوەندی بەپرۆسەی نووسینەوەی بیۆگرافیاو جۆرەکانییەوە هەیە، بەو مانایەی کە دەشێ بەشێکی بکەوێتە نێو خەیاڵ و بەشێکی بەڕاشکاوییەوە بەندبێ. [ii] لێرە لەو نێوانەدا ناونیشانەکەی "گۆتە" حیکمەتەکەی خۆی دەوەشێنێ. دکتۆر جۆنسن دەڵێ: ئەوەی کە پێویستە بیۆگرافیا بنووسێتەوە خودی کەسەکە خۆیەتی، چونکە هەموو مرۆڤێك بۆخۆی راستییەکانی ژیانی خۆی باشتر دەزانێ، ئیتر وێڕای نائاگایی و پشتگوێ خستن و لەبیرکردنە بێ مەبەستەکانیش... بەڵام ئەگەر هاتوو کەسێك ویستی بە راشکاوی رووی ناوەوەی خۆی بنووسێتەوە، لە هەموو کەس زێتر پاڵنەرەکان و وروژێنەرەکان و شاراوەکان باشتر یاد دەکاتەوە. [iii]

### خودگەرایی/دەقگەرایی

بیۆگرافیا گێڕانەوەی ژیانێکی دیاریکراوە، مەعریفەیەك لەبارەی ماهیەت و مانا و ئەو ئەرزشانە پێشکێش دەکات،کە دەقی پێ دیاری دەکرێ. بەو مانایەش دەقی بیۆگرافیا پێکهاتەیەکی مەعریفییە لە بەرجەستەکردنی لێوردبوونەوەی ژیانی کەسییەوە لەدایك دەبێ.

کەواتە بیۆگرافیا خۆ نووسینەوەیە، بەو وەسفەی کە دەقە، یان نووسینەوەی کۆی چالاکییەکانی خودی کەسێکە بەو وەسفەی کە دەقە. بێگومان وەسفی لەو جۆرەش لە ئەدەب نزیك دەبێتەوە، ئەگەرچی خود بە تەواوی خۆی وەسف ناکات، یان ناگێڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چالاکییە و نەخشە و نووسین و پانتاییەی کە دەکەوێتە نێوان وەسف و گێڕانەوە دەشێ بە دەقگەرایی ناو ببرێت. لەکۆی ئەو قسانەدا دەمەوێت خۆم بەو تێزە بسپێرم کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بیۆگرافیا پرۆسەیەکی دەقگەراییە.

دەشێ پرسیاری سەرەکی بیۆگرافیا لەنێو ئەدەب ئەوەبێ کە ئەگەر بیۆگرافیا بەماڵێك بۆ حەسانەوە دابنێین، بەو مانایەی کە ماڵ دڵنیایی لەخۆدا هەڵگرتووە، ئەوە بیۆگرافیا وەك درکاندن و گێڕانەوەی نێو

ئەو ماڵە، تێگەیشتنمان ڕووبەڕووی ماڵ دووچاری لەق بوون دەکات. کەواتە تەرجەمەکردنی بیۆگرافیا وەك دەق و بەرجەستەکردنی وەك فەزایەکی جیاواز، تێگەیشتنێکی ساختەکارانەمان لەبارەی دڵنیاییەوە بۆ دەنووسێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانیین بڵێین (بیۆگرافیا) بێ فەزایە، بەڵام (دەقگەرایی) بیۆگرافی تۆبۆسە.[iv]

بیۆگرافیا نە شوێنە نە بابەتێکە بۆ توێژینەوە، بەڵکو لە خاڵی یەکتربڕینی هەردووکیاندا دێتەوە یەك. تۆبۆس فەزای گوتارە بەو خەسڵەتانە دەناسرێتەوە کە لە جوگرافیاوە وەری دەگرێت و لە ڕەوانبێژی بەدەستی دەهێنێ، بەڵام وێڕای ئەوەش پانتاییەکی تایبەت بەخۆی دەکاتە شوێنی کارکردن، چونکە فەزای گوتار لە هەمان کاتتدا فەزای دیارکردنی دەق و کرانەوەیە بەسەر دەقەکانی دیکەدا.[v]

کەواتە لەلایەك دوور کەوتنەوەی بیۆگرافیا لە شوێن و تەماشاکردنی فەزا وەك جیاوازی، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی کەسەکانەوە هەیە. چونکە سنووری بیۆگرافی ئەو شوێنە گونجاوەیە کە دانەر وەك تاك تێیدا دەمێنێتەوە و دەسەڵاتی خۆی لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕاناوی "من"ەوە پراکتیزە دەکات. گێڕانەوەش لەڕێگەی قسەکەر و دابڕانی "من"ی دەق، لە "من"ی دانەر تەعبیر لە ڕاشکاوی دەکات. لەلایەکی دیکە بیۆگرافیا وەك شێوازی چالاکیەکی زەمەنی دەقێکە بەوە وەسف دەکرێ، کە دەکەوێتە نێو شەپۆلی ژیانەوە. بێگومان گێڕەرەوە دەتوانێ ڕووداوێك بە زانیاری پێشتر پڕ بکاتەوە، بە مەرجێك نەکەوێتە ژێر چاودێریکردن، یان نهێنییەك، یان بابەتێکی سەرەکی کە چاوەڕێی دەرکەوتن و ناسینی دەکرێ. نووسەری بیۆگرافیا وەك "مۆنتانی" و "ڕۆسۆ" دەڵێن: هەموو شتێك دەڵێ، لەپێناو ئەوەی دەیەوێ، بۆ ئەوەی بەهۆی ڕابردوو، داهاتوو بچنێ.[vi] کەواتە بیۆگرافیا بەشێوەیەکی تایبەت زەمانییە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کات لە بیۆگرافیادا هەموو شتێ نییە، وەك چۆن شوێنگەراییەکی جیاواز دادەمەزرێنێ. بە مانایەکی دیکە وەك (ج.هیو. سلفرمان) دەڵێ: بیۆگرافیا لەخاڵی لێکدابڕانی زەمانی رووت و مەکانی رووتدایە. زەمانی رووت ژیانی تایبەتی نووسەری بیۆگرافیایە، بەڵام مەکانی رووت وەسفکردنی کۆمەڵێك فەزایە کە ژیان تیایاندا شێوەیەك لە شێوەکان وەردەگرێ. کەواتە ئەوەی بیۆگرافیا جیا دەکاتەوە تێکەڵکردنی زەمان و مەکانە.[vii]

### حەقیقەت/خەیاڵ

ڕاستە گێڕانەوە ئامرازێکە پێچەوانەی ڕەگەزی وەسفکردن، گوتارێکە پشت بە چیرۆك و گێڕانەوەی ئەدەبی دەبەستێ، بەڵام سنووری گێڕانەوە وەك چۆن بەسەر پەخشاندا کراوەیە، بەسەر شیعریشدا کراوەیە، کەواتە پرۆسەی گێڕانەوە لەنێوان هەموو کارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا هاوبەشە. بۆ نموونە شیعر

هەمووی وەسف نییە، هەتا لەگەڵ گێڕانەوە پێچەوانە بکەوێتەوە، بەڵکو بەشێك لە گێڕانەوەی تێدایە کە نابێ پشتگوێی بخەین و نکۆڵی لێبکەین، پەخشانیش هەمووی گێڕانەوە نییە، هەتا پێچەوانەی وەسف بکەوێتەوە. لێرەوە حەقیقەت و خەیاڵ، یان پرسی گەیاندن/جێبەجێکردن، بڕیاردان/ئاماژەکردن، شیکردنەوە/وێناکردن... هتد و کۆی پرسەکانی زانست و ئەدەب بەرجەستە دەبن، بەڵام دەمەوێت بڵێم ئەگەر زانست بیەوێ خەیاڵنەکردن بێ، هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی پێوانە بدات، پاراستنی شوێن بێ لە پانتایی کەشفکردندا، ئەوە ئەدەب وەك (ج.هیو. سلفرمان) دەڵێ: خۆی وەك گوتارێك لە درۆ پێشکێش دەکات. یەکەمیان مەعریفەیەکی پێوانەیی بۆخۆی دەخاتەوە، بەڵام دووەمیان مەعریفەیەك بەرهەم دەهێنێ کە زمانی قسەکردنی تایبەت بەخۆی هەیە. لەنێوان شیعر و گێڕانەوە، خەیاڵکردن و خەیاڵنەکردن بیۆگرافیا دەکەوێتە دوورترین هەوار... بەو مانایەی کە لە سنووری خەیاڵنەکردندا خەیاڵ دەنێتەوە، لەسنووری خەیاڵکردنیشدا بانگەشەی دەقگەرایی بیۆگرافیای خەیاڵنەکراو دەکات. بەمانایەکی دیکە لەبەر ئەوەی دەقی بیۆگرافی بە راناوی کەسی یەکەمی تاکەوە بەندە و ئەو راناوەش دەچێتە نێو بیرکردنەو بیرکردنەوەش توانای خەیاڵکردن دەکاتەوە بۆیە دەشێ بڵێین بیۆگرافیا گێڕانەوەیەکە ناتوانرێت بەدواداچوونی زانستی بۆ بەئەنجام بگەیەنین، بۆ نموونە لە بیۆگرافیادا قسەکردن لەبارەی سرووشت، جوگرافیا یان کشتوکاڵ.... ناتوانێ توێژەرێکی کشتوکاڵی رازی بکات. بەڵام دەشێ یارمەتی خوێنەر بدا، بۆ ئەوەی لە خەسڵەتەکانی دیکەی نووسەر تێبگات لە شارەزاییەکان و قەناعەتەکان و مەعریفەکانی.........

گێڕانەوە بە راناوی "من" راشکاوییە، لەوێوە کە دەیەوێ وەڵامی هەندێ پرس بداتەوە، وەك چۆن لەزۆر کاتتدا گەیاندنی حەقیقەت و بڕیاردان لەخۆ دەگرێ، لەڕووی زانستییەوە ئەو جۆرە گێڕانەوەیە بەرەو گوتارێکی تایبەتمان دەکاتەوە، بەڵام لەڕووی ئەدەبی و فەلسەفییەوە زاڵبوونی "من" دەگەیەنێت. بۆیە کاتێك دەقی بیۆگرافی دەخەینە چوارچێوەیەکی دیاریکراو دەبینین نە دەکەوێتە دووتوێی خەیاڵکردن نە بەخەیاڵنەکردنەوە دەلکێ، ئەوەش وامان لێدەکات بڵێین دەقی بیۆگرافی دەکەوێتە نێوان ئەدەب و فەلسەفەوە... بەو مانایەش دەقی بیۆگرافی هەر تەنها وەسفی رابردوو و داهاتووی دوور ناکات، بەڵکو داهاتووی نزیکیش دەگرێتەوە. کەواتە بیۆگرافیا بۆخۆی خوازەیە، واتە دەقێکە بەگشتی خوازە پێکدەهێنێ، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت بیۆگرافیا نموونەی ژیانێکی دیاریکراو نییە، چونکە کاتێك دەبێتە خوازە بۆ ژیانێکی دیاریکراو ئەوە ئەو ژیانە ناگەیەنێت، بەڵکو کۆپییەکی دیکەی ژیانی ناوبراو پێشکێش دەکات.

## "ئەوەیە مرۆڤ "

## لەنێوان توانا و تێگەیشتن

لە "سفری تەکوین 3: 22" دەگوترێ: ئەوەیە مرۆڤ هەر وەك یەکێك لە ئێمە شەڕ و خێر ناس دەکات. دەستەواژەی "ئەوەیە مرۆڤ" ئاماژەیە بۆ مەسیح و مەسیحیەکان دەڵێن خوا لەو دەستەواژەیەدا مەلائیکەتەکان دەدوێنێ و دەڵێ ئەو مرۆڤە لە کتێبی خێر و شەڕ بەشداری لەگەڵ ئێمەدا هەیە. بەڵام فەیلەسوفی پۆست مۆدێرنە "فریدریك نیچە" دەیەوێ لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی "ئەوەیە مرۆڤ" تواناکانی خۆی نیشان بدات.

لەکۆی ئەو نووسینەدا هەوڵمدا بڵێم بیۆگرافیا ژیانی کەسێکە، نووسراوەتەوە. یان پرۆسەی بەرهەمهێنانی بیۆگرافیا ئەو نووسراوە دەگرێتەوە، کە کەسێك ژیانی تایبەتی خۆی دەنووسێتەوە. بەڵام کتێبی "ئەوەیە مرۆڤ"ی نیچە، ئەگەرچی لە چواردە بەش پێکهاتووە و لەڕێگەی بەکارهێنانی راناوی "من" لەکۆی ئەو کتێبە بەتایبەتی لەبەشەکانی: بۆچی من ئەوەندە دانام، بۆچی هێندە من زیرەکم چ شتێك وام لێدەکات کتێبی باش بنووسم... تەنها دەیەوێت ماهیەتی خۆی نیشان بدات، کەمتر ئاماژە بە ژیانی تایبەتی خۆی دەکات. بۆ نموونە لە بەشی دووەم بۆچی من ئەوەندە زیرەکم دەڵێ:لە تەمەنێکی زۆر زوودا کە هێشتا حەوت ساڵان بووم تێگەیشتم کە هیچ قسەیەکی مرۆڤانە نییە بتوانێت بێتە ناوەوەم، باشە کەسێك بینی من بەهۆی ئەوەوە میزاجم خراپ بێت؟ تا ئێستا بەرانبەر بە خەڵك لوتفم هەیە، بگرە ڕێزی خەڵکی زۆر سادەو ساکاریش دەگرم، ئەوەش بەهیچ جۆرێك پێشاندانی گەورەیی و فیز نییە، کاتێك رقم لە کەسێك دەبێتەوە هەر یەکسەر هەست دەکات کە رقم لێیەتی، هەر ئەوەندە بەسە من بێمە شوێنێك بۆ ئەوەی هەموو ئەو خەڵکانەی خوێنیان بۆگەن و گەندەڵە بێزار و توورە بن.[viii] ئەگەرچی هەموو ئەو بەخۆداهەڵدانە دەچێتە میانی وەسف و گێڕانەوە، بەڵام گێڕانەوەیەکی زنجیرەئامێزی زەمەنی نییە، بەقەد ئەوەی بڕوای خودی نیچەیە لەبارەی خۆیەوە، بەشێکی زۆری ئەو بڕوایەش بەتایبەتی لە بەرانبەر "فاکنەر"ی مۆسیقی زۆر کەسییەو راستەوخۆ بە پەیوەندی نێوانیانەوە بەندە. نیچە لەو کتێبەدا لەبری ژیانی تایبەتی جگە لەو بەشانەی لەسەرەوە ناوم بردن لە هەموو بەشەکانی دیکەدا تەنها دەیەوێت ناسنامەی فەلسەفی و ڕۆشنبیریی خۆی بەهۆی ناوهێنانی کتێبەکانییەوە بە ئەویدیکەی خوێنەر بگەیەنێت.

کەواتە نیچە لەڕێگەی راناوی "من" دەق دەخاتە روو، بۆیە لەو بیۆگرافیایەدا جگە لە دەقی ژیانی نیچە: باوکم لە تەمەنی (36) ساڵی کۆچی دوایی کرد...ل19. من ئەڵمانییەکی دژ بە سیاسیم......ل20.

دایکم بێگومان یەکێکە لەوانەی زۆر ئەڵمانییە..ل21. من لەرێکەوتی (15)ی ئۆکتۆبەری 1844 لەدایکبوومە... هیچ وەسفێکی دیکەمان بەرچاو ناکەوێت. کەچی (سارتەر) لە کتێبی (وشەکان) وردەکاری ژیانی دوانزە ساڵەی خۆی لە زنجیرەیەکی زەمەنیدا تۆمار دەکات. بەڵام نیچە زێتر ئاماژە بە بەرهەمە فەلسەفییەکانی دیکەی خۆی دەکات و لەو رێگەیەوە خۆشی لە شوێنگەی خۆی بەدەست دەهێنێ. بە مانایەکی دیکە نیچە لەبری ئەوەی خۆی وەك شوێنی پرسیار بەرز بکاتەوە بەرهەمەکانی وا نیشان دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین ئەو پەیوەندییە نووسراوەیە شوێنی دەقی بیۆگرافیا نییە.

بەکورتی نیچە لەو کتێبەدا روو لە رابردوو دەکات، وەك چۆن پەی بە داهاتووش دەبات، لەهەر دوو باریشدا ژیانی دەقی پێشوو لەلایەك و دەقی سەرەکی لەلایەکی دیکە بەرجەستە دەکاتەوە، بەو مانایە دەشێ ئەو بیۆگرافیایە وەك ساتەوەختێك لە ئێستا تەماشا بکەین کە دەکەوێتە نێوان رابردوو و داهاتوو. دواجار دەتوانم بڵێم ئەو کتێبە دەشێ وەك دارِژانی شیعریی و کۆمەڵێك پرِشنگی ئیستێتیکی سەیری بکەین، واتە بەشێکی زۆری جوانی ئەو کتێبە راستەوخۆ بە پرِشنگ و دارِژانە نەستییەکانی نیچەوە بەندە، وەك چۆن بەشێکی دیکەی بە کۆی ئەو دید و زانیاری و سەرنجانەوە دەلکێ، کە لەبارەی بەرهەمە فەلسەفیەکانییەوە دەیخاتە روو. نابێ لەبیریشمان بچێ کە وەرگێری کوردی (رێبین رەسوڵ ئیسماعیل) بە زمانێکی نزیك لە دەقی نیچەیی توانیویەتی ئەو دارِژان و پرِشنگانە بۆ زمانی کوردی بگوازێتەوە.

<u>سەرچاوەو پەراوێز:</u>

---

[i]- فریدریك نیچە، ئەوەیە مرۆڤ، وەرگێرانی: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل، وەزارەتی رۆشنبیریی، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی کارۆ، چ1، 2009.

[ii]- بەشێك لە رەخنەگران فیۆگرافیا و شیعر بەشیاو نازانن، بەلاَم هەندێك دەڵێن ئەدەبی فیۆگرافی لە گواستنەوەی ئەزموونی ژیانی تاك پشت بە حەقیقەت و راستگۆیی دەبەستێ، بەلاَم شیعر بەپێچەوانەوە ئەگەر گواستنەوەی درۆ نەبێ، ئەوە پشت بە وێناکردن و خەیاڵ و زیادەرۆیی و راستگۆیی هونەریی دەبەستێ. کەسانێکی دیکەی سێیەم تێکەڵکردنی رەگ و ریشەیی فیۆگرافیا و شیعر بە لایانەوە ئاساییە.

[iii]- **أوجه السيرة، اندرية مورو، ترجمة: ناجي الحديثي، وزارة الثقافة و الاعلام_بغداد، ط1 1987، ص109.**

[iv]- **تۆبۆس- Tobos**: وشەیەکی گریکییە بە مانای شوێن دێت، بەلاَم لە ئەدەب بە بابەت، یان فیکرەی بنەرِەتی سەیر دەکرێت.

[v]- برِوانە: **ج.هيو. سلفرمان، نصيات، ترجمة، حسن ناظم، علي حاكم صالح، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء-المغرب، ط1 2002، ص141.**

[vi]- هـ.س.پ. ل146_147.

[vii]- هـ.س.پ. ل147.

[viii]- ئەوەیە مرۆ، هـ.س.پ. ل88.